پارێزگاری هەولێر: ئەمنیەتی بازاڕی قەیسەری ڕادەستی ئاسایش و پۆلیس دەکرێت

پارێزگاری هەولێر لەکێبونەوەیەکدا لەگەڵ ژمارەیەك لە دوکاندار و کاسبکارانی بازاڕی قەیسەری رایگەیاند، لێکۆڵینەوە لە هێکارەکانی ئاگرکەوتنەوکە بەردەوامە بێ دەستنیشانکردنی ئەوەی بە هێی پابەند نەبونە بوە بە ڕێنماییەکان، یان دەستکی خراپکاری لە پشت بوە و دەشێت، "ئەمنیەتی بازاڕەکە دەدرێتە دەست ئاسایش و پۆلیس".

بەگوێرەی راگەیەندراوکی پارێزگای هەولێر، ئەمڕۆ چوارشەممە ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر، بە ئامادەبونی جێگری پارێزگار و قائیمقامی ناوەندی و سەرکی شارەوانی و بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای هەولێر، لە دیوانی پارێزگا، پێشوازیکرد لە بەشێك لە دوکاندار و کاسبکارانی بازاڕی قەیسەری.

لە کێبونەوەیەکدا پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند، "وەك حکومەت و پارێزگای هەولێر، لە ئێوە زیاتر دڵگران و خەمبارین بەو ڕوداوەی لە بازاڕی قەیسەری هەولێر ڕویداوە، چونکە هەولێر واتا (قەڵا، منارە و بازاڕی قەیسەری) حکومەتی هەرێم و پارێزگای هەولێر گرنگییەکی

زۆر بەو سێ شوێنە دەدەن، چونکە ئەو شوێنانە ناسنامەی شارەکەمانن، هەروەها نەك ئێمە بەتەنها بگرە هەمو خەڵکی شاری هەولێر دڵگران و خەمبارە بە سوتانی ئەو بازاڕە".

وتیشی، "لێکڵێنەوە لە هێکارەکانی ئاگرکەوتنەوکە بەردەوامە بێ دەستنیشانکردنی هێکارەکانی، کە ئایا بە هێی کەمتەرخەمی و پابەند نەبونە بوە بە ڕێنمایییەکان، یان دەستێکی خراپکاری لە پشت بوە، بەمزوانە ئەنجامی لێکڵێنەوەکان بێ رایگشتیی ئاشکرا دەکرێت و هێکاری سەرەکی ئاگرکەوتنەوە رادەگەیەنرێت".

ئومێد خۆشناو باسی لەوەشکرد، "وەکو پارێزگای هەولێر، جگە لە لیژنەی لێکڵێنەوە، لیژنەیەکی تەکنیکی پێکهێنراوە بێ خەمڵاندنی نێژەنکردنەوەی ئەو دوکان و شوێنانەی کە بە هێی کەوتنەوەی ئاگرەکەوە زیانیان پێگەیشتوە، لە ئێستاشدا تیمەکانی ژینگەپارێزی دەستیانکردوە بە پاککردنەوە و ڕێکخستنەوەی سەرتاسەری بازاڕەکە و کردنەوەی بە ڕوی دوکانداران و هاوڵاتییان، پێویستە ئێوەش هاوکارمانبن بێ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان و هەڵگرتنی سەرجەم زێدەڕۆیی و سەرپێچییەکانی نێو بازاڕەکە".

پارێزگاری هەولێر دەشێت، "بێ لەمەودوا هەڵواسینی پەردە لە دوکانەکان کە هێکارێکی سەرەکی ئاگرکەوتنەوە و تەشەنەسەندنی بو بە هەمو شێوەیەك قەدەغە دەبێت".

ئاماژەی بۆشکرد "بەڵێوە بەروە بەرایەتی کارەبامان ڕاسپردوە، ئەو کێشەیە چارەسەربکات و ئەو دوکانانەی کە زیانیان بەرنەکەوتوە خاوەنەکانیان دەتوانن لە ئەمڕۆوە دوکانەکانیان بکەنەوە و دەستبە کار و کاسبی خۆیان بکەن، بێ ئەوانی دیکەش دوای پاککردنەوەی شوێنی ڕوداوەکە لیژنە هونەری پارێزگا، دەست بە خەمڵاندنی چۆنیەتی نێژەنکردنەوەی دوکانە سوتاوەکان دەکەن".

ئومێد خۆشناو وتی، "ئەو پاسەوانانەی کە بێ پاراستنی بازاڕی قەیسەری هەولێر دانرابون نامێنن و لە شوێنی ئەوان، پاراستن و ئەمنییەتی بازاڕەکە بە ئاسایش و پۆلیس دەسپێردرێت".